# رونكردنەوەیەك لەسەر بلأوكراوەی دەستەیەك.....

**لەم رۆژانەی ڕابردوودا، بلأوكراوەیەكم بەر چاو كەوت، بەناوی (دەستەیەك لە هاوبیرانی نەتەوەی)لەژێر ناونیشانی :بەرهەم صالح تۆلەی چی لەخەڵكی كوردستان دەكاتەوە؟!**

**ئەزیش بەپێویستم زانی راو و بۆچونی خۆم لەگەڵ رای كۆمەڵە هاوبیرێكی لە یەك دوور و نزیك، سەبارەت بەو نوسینە دەر بڕم.*پێشەكی وا دەزانم كە كەس نییە نەزانیٚ، یەكێك لەهەرە خەسڵەتە گرنگەكانی هاوبیرانی نەتەوەیی، خاوەنی یەكێتی بۆچوون و هەڵوێستن، بەرامبەر هەر ڕووداوێك یان هەر لێدوانێكی پەیوەندی داربەئاسایشی نەتەوەیی كوردەوە.ئەم نووسینە داكۆكی كردن نییە لە د.بەرهەم صالح یان لە سیاسەتی (ی.ن.ك)بەرامبەر مەسەلەی كەركوك و توركمان لە كوردستان.بەڵكو بەرگری كردنە لە خەڵكانی كوردپەروەرو نەتەوەیی كە دیارە كەسانێكی بیٚ ئاگاو نا مەسئول، بگرە ناحەز، بەناوی هاوبیرانی نەتەوەییەوە، دەیانەویٚ خەڵكانی نەتەوەیی پیٚ ئیحراج بكەن.كەسانی خاوەن بیری كوردایەتی، هاو كات لەگەڵ رووناكبیرو نیشتمان پەروەرانی گەلەكەمان، ئەو لێدوان وهەڵوێست و گونگرە رۆژنامەوانیەی د.بەرهەمیان، لاباش نەبوو، دژیش وەستاون، و وەكو پاشگەز بوونەوەیەك لە سیاسەتی راگەیاندراوی یەكێتی سەیری دەكەن بەرامبەر بە كەركوك.جگە لەوەش، هەندیٚ لەدۆستان و لایەنگرانی خودی (ی.ن.ك)یش لەتۆڕی ئینتەرنێتدا، ناڕەزای خۆیان سەبارەت بەو لێدوانە بلأوكردۆتەوە.لەبەر ئەوەی مافی هیچ كەس و لایەنێك نیٚیە مزایەدە بەبستێك لە خاكی كوردستانەوە بكات.تەنانەت ئەو لێدوان و تەسریحانەش بخرێتە چوار چێوەی بەكارهێنانی زمانی دبلوماسی و لەسەر رۆیشتنی رەوتی تاكتیكی بۆ دەرباز بوونی كاتی لەوكێشەیەوە، وەیان بۆ راگرتنی هاوسەنگییە سیاسیەكانی ناوەوەی كوردستان لەبەر بەرژەوەندی شەخسی‌و حیزبی خۆیان.ئێستا ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی جەماوەری كورد لە برەو دایە و مەسەلەكەشمان لەسەر ئاستی نێودەولەتی و جیهانیدا رۆژ بە رۆژ بەرەو پێش دەچێت...... كە بێگومان خلكانێكی دڵسۆزو نیشتمان پەرووەر و نەتەوەیی و بیٚ دەنگو بیٚ پرسیارو بیٚ رەخنە نابیٚ، كاتێك كەببینن و بیبیستن، كەسانێكی بەر پرسیار یان لایەنێكی سیاسی بۆ بەرژەوندی خۆیان مامەڵە و مزایەدە بەكورد و وولأتی كوردەوە دەكەن.ئەمەیان جیاوازەو بێدەنگی تیانییە، وەكو كەلوپەلەكانی بەنداوی بەخمە نیٚیە، بی باكانە هەرزان فرۆش كرێت و كەس ورتەی لێوە نێت....نەرۆژهەلأتی سلێمانی دەبێتە قەلأی تیرۆرستان نە رۆژئاواو خوارەوی هەولێر دەبێتە هەرێمی توركمان.**

***ئاشكرایە، كەسانی دڵسۆزو هابیرانی نەتەوەیی، لەمەڕ هەر رووداوێك بەشێوەیەكی بابەتیانە و پشت بەستن بە بەڵگەی چەسپاو و راوو بۆچوونی خۆیان بەیان دەكەن، ئەویش لە چوار چێوەی رێزو نووسیندا... نە ك وەك ئەو نووسینەی لەو بەیانەدا هاتووە، كە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئادابی رۆژنامەوانیدا.بەبەكارهێنانی وشەی هەرزان و رووشاندنی ناوبانگی كەسانی تر بەبێوویست.هاوبیرانی نەتەوەیی‌بەوە ناسراون لەهەر جێگا و شوێن و ئاستێكدا بن، رۆڵی هۆشیار كەرەوە و خەم خۆرو مشورخۆری یەك خستن و یەك ریزی ناومالٚی كوردو بزووتنەوەی رزگاری كوردستان بوون و دژی پەرتو بلأوی ریزەكانی گەلی كوردن....كەئەمیش دووبارە پێچەوانەی نووسینی ئەو دەستەیەیە، كە بیٚ مەسئولیەت دەرگا بۆ دووبەرەكی پەرتوو بلأوی تر دەكەنەوە، دژایەتی كردنە بەرامبەر پێشەوەچوونی سەقافەتی ئاشتی و تەبایی نێو مالٚی كوردە.**

***گومان لەوە دانییە خاوەنی ئەو جۆرە بلأوكراوانە، بیٚ ئاگابن یان ئاگادار، راستەوخۆ لە خزمەتی ئەو دەست رەشانەدان و داكۆكی لە پرۆسەی لەتاقی تیرۆرستان دەكەن، كە دەیانەویٚ پرۆژە دوا كەوتوەكانی سەدەكانی نێوەڕاست و كۆنتر لەنێو كۆمەڵگای كوردەواریدا، بەهاوكاری ماددی ومەعنەوی داگیر كەرانی كوردستان فەرز بكەن.چونكە دەست درێژی بۆ سەر د.بەرهەم، سیناریۆی دروستكراوی خۆی نەبوو، وەكو ئەم دەستەیە ئامارژەی بۆكردووە.**

***چونكە بە بەڵگوە سەلمێنراوە، كە ئەو تاقمە دەست و دلٚ رەشە تیرۆرستەی خوێنی پاكی فرەنسۆحەریریان رشت و شەهید كرد.هەر ئەوتاقمە تیرۆستە بوون كە دەستدرێژیان كردە سەر د.بەرهەم صالٚح.**

*** لەهەمان كاتیشدا.بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی بە دڵنیاییەوە بەبیٚ هیچ گومانێك فەرمانی هاوكاری و هەما هەنگی خۆی دەركرد، بۆ یەكخستن و وەرگرتنی هەڵوێست و بەرەنگار بوونەوەی پڕۆژەی تیرۆرستان لە كوردستاندا، هاوكات لەگەل دروست كردنی (ژووری عەملیاتی هاوبەش)دژ بەخەتەری تێكدان و شێواندنی ئەم ئازادیە و نیمچە سەربەخۆییە لە باشووری كوردستاندا.**

***لە كۆتاییدا بەچاكتری دەزانم خاوەنی ئەم بابەت نووسینانە، سەرنج و رەخنەكانیان بوێرانە و ئاشكرا لەژێر ناوی خۆیاندا بنوسن كە ئەوە مەرجی متمانەو باوەڕ بەخۆ بوونە.**

**مژدە تاهیر**

**لە جیاتی ژمارەیەك هاوبیری نەتەوەی / هەولێر**